Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# لە هەفتەی توند و تیژیدا کوردستانم چۆن بینی؟

مستەفا قایتەوەنی، هۆڵەندا/ شارەزا لە پەیوەندی پارێزگاکان

سەرەتا بەوە دەست پێ دەکەم مەبەستم لە نووسینی ئەم وتارەدا تانەو تەشەرکردن نیە بە هیچ کەس و لایەن و دامەزراوەیەك لە هەرێمی کوردستاندا تەنها تێبینی یەکانی خۆم دەخەمەڕوو لە چوارچێوەی ئەو پەیڤەی کە ناوی لێنرا (هەفتەی توندو تیژی) بێگومان هەمووومان وەك مرۆڤ چ ڕەگەزی مێ یاخود نێر پەروەردەی دەستی ئافرەتین و پیرۆزترین ئافرەتیش لە ساتەوەختی دروستبوونی مرۆڤەوە ئەو ئافرەتەیە کە ناوی دایکە و دواتر زنجیرەی کەسایەتی و خزمایەتی و چینەکانی کۆمەڵگا دروست دەبن،ئافرەت یاخود ژن شان بەشانی پیاو لە کۆمەڵگادا دەژین نەکۆمەڵگایەکی پیاوسالاری بەڕێوە دەچێت وە نە کۆمەڵگایەکی ژن سالاریش بەڕێوە دەچێت واتا هەردوو ڕەگەز دوو پێویستی سەرەکی و بنیات نەری کۆمەڵگەن لە هەر کون و قوژبنێکی جیهاندا بێت، دیارە توندوتیژی و لێدان و ترازان لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ نۆرماڵەو هۆکاری هەبوونی ئەو مرۆڤانەن لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە بەلاّم مەترسیەکەی لەوەدایە نەبێتە کلتور و عاددەت من مەبەستم نیە بڵێم لێدان و توندو تیژی سروشتیە بەلاّم خۆ ئەگەر دووبەردیش پێکەوە دابنەی ساڵی جارێکیش بەریەك دەکەون جا هۆکارەکەی هەرچی بێت، بەهەرحاڵ مرۆڤ هەرکاتێ لە کۆمەڵگەیەکدا بژی هەست بە کەموکورتی کەمتر دەکات وەك لەوەی کە دووربتێت واتا بەرامبەرەکەت هەست بە کەمو کورتیەکانت زیاتر دەکات ئەوەی من دروست مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە لەم هەفتەیەی توندو تیژیدا ئەو جوانی و ڕەنگینی یەی کوردسانم وەك چەنگەڵستانێ وەپێش چاو هاتەوە کە هەرگیز بڕوام نەبوو وای ببینم ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەو هەموو ڕێکلام وەێرشە یەك لەدوای یەکانەم بینی لە ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دژی پیاو کراو کۆمەڵگای کوردستان شوبهێنرایە خراپ ترین وڵات لە باشووری ئەفریقا و ولاّتە سحرانشینەکان و ئەوەندە قەبارەی توندو تیژی دژ بەژنان و ئافرەتانیان گەورە کردەوە من ناڵێم توندو تیژی نیە و بوونی وەك دەرمان وایە بەلاّم هەبوونیشی بەو ئەندازەیە نیە کەباس دەکرێت و مرۆڤی کورد لە دوورەوە دەترسێ لە کوردستان نەخواسە نۆرەی بێگانەو بیانی یەکانە ڕاگەیاندن بەگشتی بینراو بیستراو و ڕۆژنامەکان ڕۆڵێکی زۆر نێگەتیڤیان



Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بینی له خراپ نیشاندانی کۆمەڵگای کوردستان به دنیای دەرەوە لەگەڵ ڕێزی زۆر بۆ ماندووبون و کاره جوانەکانیان ڕەنگه ئەم بۆچوونەی من ببێته هۆی

تووڕەبوونی هەندێك كەس بەڵام لەڕاستیدا ئەمه حەقیقەته و ناتوانیین بیشارینەوه دەکرا پلان و بەرنامەیەکی تۆکمه و هەمەهەنگی چڕوپڕ هەبوایه بۆ تەختیەکردنی هەفتەی توندووتیژیەی که ئەوەنده سامناك کرا هەرلەناوەکەشی مرۆڤ ئەوروژیێت ، سەرلەبەر هەموو تاوانەکانی توندووتیژی بێ هەڵسەنگاندن و هەبوونی دیراسەیەکی زانستیانه درایه پاڵ پیاو پیاو کرایه دێوه زمه له کوردستان باشه ئەو هەموو ڕووداوانه بڵێی تەنها پیاو بیکات و ئافرەت نەبن؟ دەکرا دەزگاکانی ڕاگەیاند له جێی وروژاندنی ئەو ترسه لای خەڵك پرسی خۆشەویستی بوروژێنرایه داستانەکانی خورشیدو خاوەرو مەم و زین و شرین و فرهاد و دەیان داستانی لەم جۆرەمان هەیه ئەمانه بکرابانه چیرۆکێك بۆ نیشاندان و جوڵاندنی سۆز بۆ یەکتر جاری ئەو دروشم و ڕیکلامانه هەر خۆی بۆخۆی ترسێکه که دەڵێت ( نابۆتوندتیژی بەڵێ بۆخۆشەویستی ) مرۆڤ کەمێ لێی بڕوانێ وبیری لێ بکاتەوه شرۆڤەیەکی ووردی واتای خۆشەویستی تەساموح بکرێت بەلای منەوه باشتر بوو وەك لەوەی باس له هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژی دەکرێت بیر له چارەسەر به میکانیزمی خۆشەویستی بکرێتەوه باشتر بوو وەك لەوەی پیاوێك نیشان ئەدرێت به دەمانچەو کلاشینکۆفێکەوه تەقه له ئافرەت و ژن دەکات؟ ئەمه خۆی بۆخۆی هاندانی توندووتیژی بلاوەکاتەوه ڕەنگه کەسانێك بیریان لەو ئالیەته نەکردبێتەوه بەڵام تۆ دێیت پێی دەڵێی ئەم ئالیەت ومیکانیزمەش هەیه بۆ توندوتیژی وخەڵك کوشتن تۆ بەپیاو دەڵێی بەم چەشنه توندو تیژی دەکرێت و بەئافرەتیش هەمانشێوه یاخود له کەناڵه ئاسمانیەکانەوه ژن و پیاو دێنیته سەر شاشەی تەلەڤیزێوینەکان و باسی ئەو کرداره دەکات که ئەنجامیداوه جا چی ژن کوشتنەکه بێت یاخود پیاو کوشتنەکه بێت که لەڕاستیدا ئەمه هاندەرو فاکتەری زۆر سەرەکی توندوتیژیه و ئەو بکوژه وەك ئەکتەر و پاڵەوان دەهاته پێش چاو ئەگەر چی ڕەنگه بێ تاوانیش بێت،لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا نەدەکرا ئەوەنده پرسەکه ئاڵۆزو گەوره بکرێتەوه که له دەرەوه وا دەزانرێت له کوردستان ئافرەت وەك قاچاخ وایه هەر خۆمان بەدەستی خۆمان سیمای جوانی خۆمان ناشرین دەکەین و به دنیایی دەرەوه دەڵێین له کوردستان دیموکراسی شەلەله و چەند جەڵدەی دەماغی لێی داوه دۆست و دووژمنانی وڵاتەکەمان بێ ئومێد دەکەین له زینووڕاگرتنی دیموکراتی، باکەمێ له کوردستان دووربکەوینەوەو ووردبینەوه که له وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەووروپا که له قیمەیپیادەکردنی دیموکراتین و مافی سەرجەم ڕەگەز و پێکهاته مرۆڤایەتیەکان پارێزراوه بەڵام له گەڵ ئەوەشدا کارەسات هەر هەیه و ڕوودەدەن ئینجا چ پیاو یان ژن کاراکتەری توندووتیژیەکه بێت، هۆکارەکانیش بریتین له ترازانی ژن و مێرد و دوو ڕەگەزی دۆست له نێر و مێ و هتد.. که سەرنجام توندوتیژی و کارەساتی لێدەکەوێتەوه که ڕەنگه لەو جۆره توندووتیژیانه له کوردستان هەر ڕووی نەدابێت ئەگەرچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا که دیاردەیەکی نەفرەت لێکراوه بەڵام به نۆرماڵ و ئاسایی وەردەگیرێت، له کوردستانیش به هۆی لادان له عورف و عادەت و سەرپێچی له کەرامەت و نامووس هۆکاری هەره سەرەکییه بۆ ئەم جۆره کردەوەو ڕووداوانه من هەندێکی دەگێڕمەوه بۆ نەبوونی وشیاریەکی سەرتاسەری که ببێته هۆی مەودای دوور بیرکردنەوه یاخود نەزانیینی هەستی خۆشەویستی که له وڵاتی ئێمەدا زۆر گرنگی پێ نادرێت وشەی خۆشەویستی شمشێرێکی دووسەرەیه وەك دیموکراتیەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەلایەك بەرگریت لێدەکات لەلایەکەی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دیکەوە لە نیوەدا ئەتبڕێتەوە، من دووبارە ئەوە بیر دەهێنمەوە کەتەنها هۆکار بۆ بنبڕکردنی ڤایرۆسی توند و تیژی و بەرەنگاربوونەوەی ئێمە پێویستمان بە ئەنتی ڤایرۆسێکە کە ناوی خۆشەویستی یە ئەوەش دروست پێویستی بە پلان و پرۆگرامێك هەیە کە هەمەلایەنە و درێژخایەن بێت کەپەروەردەی چینی داهاتوو بکەین ئێمە بەوە دەتوانیین توندوتیژی بە هەموو واتاکانیەوە بنەبڕبکەین .